




## نوکتەی سەفەری

* کابرایەک چوو بۆ بازاڕ پێلاو بکرێت، بە کابرای خاوەن دوکانی ووت: ئەرێ کاکە: پێلاویکم بدێ، کابرای خاوەن دوکان ووتی: باشە بەڵام پێلاوەکە ڕەقەم چەندبێ؟ کابراش ووتی: هەر ڕەقەمەک بێ موشکیلە نییە! بەس توخوا با ڕەقەمەکەی جوان بێ..

## مەلەوانی و ڕۆژنامەوانی

ئاوێنە: هێزی تایبەت بۆ ژنان.

گەپ: جا پیاوێکیان پێ ئەگیرێ؟

میدیا: ئەمجارەشیان خوارەحمی پێکردین.

گەپ: بۆ جارێکی تریش خوا گەورەیە!

هەواڵ: کچان زیو دەکرن و ژنان خۆیان لە زێر هەڵدەکێشن.

گەپ: پیاوانیش فێری سبوغ عام بوون.

بارزان: گرفتی زیندانە سیاسیەکانی هەرێم کەی چارەسەر دەکرێت؟

گەپ: دوای بەردانیان.

چەتر: کێ لە بەرامبەر کەرکوک بەرپرسیارە؟

گەپ: حکومەتی گواتیمالا!!

نم نم: وشەی کاک موجامەلەیەکی بێلەزەتە.

گەپ: وەک وشەی خوشکە خوشکە!

باسک: شەڕە قسە لە بازاڕدایە.

گەپ: وەختی خۆی لە پەرلەماندا هەبوو.

چاودێر: هەفتەی داهاتو ((چاودێر)) دەرناچێت.

گەپ: ئەی کێ چاوی لێیان بێت!

هاولاتی: چەند پەیڤێک لەسەر ئاڵتونی ڕەش (نەوت).

گەپ: لەهەر شوێنێک هەبم، وەکو کەرکوکی بەختم ئەبێ بە قەقنەس!

باس: لە کونی سووژنەوە.

گەپ: گەندەڵی زۆر جوان و وازیح دیارە.

بەڵگە: کام ئەهلی بونەو کام سەربەخۆ بوونە؟

گەپ: حەسەب جنێودانەکەی!

ئاوێنە: دابەشکردنی موچە بەرلەوادەی خۆی گر لە بازار بەردەدات!

گەپ: حەریقێکی خەرج کردن ئەیکوژێنێتەوە!

ئاسۆ: بۆ جەژن خۆراک دابەش ناکرێت.

گەپ: وامزانی ئەکرێت.

یەکگرتوو: چین جیهان داگیر دەکات.

گەپ: بە گلۆپی ڤیستاڵ؟

کۆمەڵ: دەنگۆی دروسبوونی پارتێکی نوێی ئیسلامی.

گەپ: خوا بەخێری بگێرێ!

ڕۆژنامە: موچەی پەرلەمانتارەکانی عێراق،حەرامە،یان حەڵاڵە؟

گەپ: بەلاشە!




## هەواڵی ماتۆڕی

لە شارۆچکەی بنەسڵاوە ماتۆڕسوارەکەمان بە شپرزەیی بەلاماندا تێپەڕی و لەبەر خۆیەوە هەڕەشەی دەکرد، ئێمەش رامانکرد بە دوایدا و لێی نزیکبووینەوە، تەماشا دەکەین.. لاچاوی شین بۆتەوەو قژی ئاڵۆزکاوە بەسەر یەکداو جلەکانیشی بووە بە چۆغەی شێت، وتمان ئەوە چیت لێقەوماوە برادەر؟ وتی! لەگەڵ دراوسێکەمان بەشەڕ هاتم، تێروپڕی لێدام و منیش چوم بۆ بنکەی پۆلیسی بنەسڵاوە شکاتی لێبکەم، بەڵام لە بنکەی پۆلیس وتیان ئەوە کێشەی ئێمە نییە برۆ بیتاسێنە!!



## عەینەن یەك



### تاصەی جادە

١ سایەق زۆر ڕقی لێیەتی
٢- هەر گەڕەکێک ٤تا ٥ ی تیایە
٣- حکومەت و میلەتیش دایئەنێن
٤- لە هەندێک شوێن شیاوە
٥- لای ماڵە مەسئولەکاندا زۆرە
٦- بنی سەیارە هەڵئەوەشێنێ
٧- هەر تاصەیەک دوو دوکانی لە پاڵایە.

### دوکان

١- پیاوی مناڵدار زەلالەتیەتی بەدەستیەوە
٢- گەڕەکێک ٢٠ ماڵ بێت ٣٠ دوکانی تیایە
٣- ئەوانەی میلەتیش هی حکومەتە
٤- ئەو جێگای شیاوە بۆ دوکان، تیایا نیە
٥- پیاو هەیە لای ماڵە مەسئولا داینبێت؟
٦- گیرفانی پیاو ئەتەکێنێ.
٧- هەر دوکانێک دوو تاصەی لەبەردەم دایە.

NAMO



## ڕۆستەم زادە (نامـــــۆ)

تایبەت بە گەپ دەینێرێ




## نوکتەی سەفەری

* کابرایەک دایکی مرد، مەیت شۆریان هێنا، مردووەکەی شوشت، کابرا بە مردو شۆرەکەی ووت: ئەرێ کاکە چەند دەکا، مەیت شۆرەکەش ووتـی: ١٠٠هــەزار، ئەمیش وتـی: بۆکاکە؟ هەمەرت بۆ شۆردووم؟!

## تەحلیلات و تەفسیرات و تەنزیلات



### (سوڵح)

عەبە سێ سەر

### تەحلیلی سیاسی:

سولح و ئاشتەوایی و ڕێکەوتن و پێکهاتن، لەرووی سیاسیەوە نەفەسگەلێکی درێژو ئیجتیماعگەلێکی درێژخایەنی گەرەکە، تاوەکو چەند کوتلەو تاقم و گروپی جیاواز دەگەنە دەرئەنجامێکی باش و ڕێکدەکەون لەسەر ئەوەی هەتا هەتایە ڕێکنەکەون!

### تەحلیلی کۆمەڵایەتی:

ئـەم مەسەلەی سولح و سولحکارییە، شتێکی قەدیمە و لە دێرزەمانەوە بوەو هەیەو بەردەوامە، بۆ نمونە کابرایەک لە مەراقی ئـەم دنیایە ئاگاو هۆشی لەلای خۆی نامێنێ و هەر لەخۆیەوە دەچێ زەوی کابرایەکی تر دەکات بە ڤیللا بۆ خۆی، ئیتر دوای شـەڕە کوتەک و حەسیرمەیانێکی باش نیو بەنیو ڕێکدەون و سولح دەکەن!



## (هەر لۆ فشەی)

### شێخە فشە

ئەوێ ڕۆژێ هەرلۆفشەی لەجادەی (٦٠)ی پیاسەم دەکرد (عەلی قۆقی) برادەرم دیت، سـواری پاسکیلەکی کەچە ببو، عەیب نەبی تازە فێرببوو، سواردەبوو دەهـاتـە خـــوارێ؟ لێم پـرسـی (عەلی قۆقی.. ژنی بۆقی) ئەدی کا سەیارەکانت (وەنـەوشـەکـەت، لـەیـلا علویەکەت، برادۆیەکەت، دۆجەکەت، ئۆپڵەکەت) ئەو هەموو سـەیـارەت هەیە، هـەر لۆفشەی سـواری ئـەو کەچە پاسکیلەی بووی؟ ئـاخـر مـار خـراپ ئـەتـوو بـەو هەموو موڵک و سامان و حارو مارەیەوە تازە بە تازە پاسکیلی لێ دەخوڕیت؟ عەمرت نەمێنێ ئەرێ وەڵڵا تەماشای کردم و پێی گۆتم: بەخوای شێخەکی گەوجی، چما ڕێ لۆ سەیارەی مایە؟ کەس هەیە (٢) سێ سـەیـارەی لـەمـارێ نەبی! ئەمنیش سـەیـارەکـانـم هـەمـوو خوردکردنەوەو بووینە پاسکیل، هەرلۆفشەی نە گازی دەوێ نە بەنزین، نە ڕێ و نە گەراج و نەجێ!!






### ئابووری:

سولٚح لە ئیسلٚاح و مەسلٚەحەتەوە هاتووە، جا ئەم سولٚحە چ ئەکادیمی بێ یاخود عەشایەری لەرووی ئابووریەوە لەسەر سمتی ژێرخانی ئابووری تەواو دەبێ! بۆ نموونە: مەنسولێک عاجز ببێ بەمۆنیکا ئاشتی دەکەنەوە، یان برادەرێک لە عانی راوە ژێژکدا برادەرێکی تر سارد دەکاتەوە کەسی و کاری سارد کراوە کەش بە حەوت دەفتەر گەرم دەبنەوە..

## لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا:

١- لە ڕۆژێکی وەک پایزداو لە ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی دوو هەزارو دەی قەزاو بەڵاییداو لەعانی بیرکردنەوەو پێشبینی کردن لەموستەقبەلی جیهان، بەشێوەیەکی کوت و پڕو لە ناکاو ئەختەبوتەکەی ئەڵمانیا مەرگی موجافاتی کرد، شایەنی باسە، وڵاتی ئیسپانیاش لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا پرسەیان بۆ گێڕا لە مزگەوتی ڕیالمەدرید..

٢- لە ڕۆژێکی عەینەن ئەمڕۆداو لەبەرواری چواردە لەسەر پانزەو پانزە لە ژێر چواردەی مانگی ناعوور لێدانی ساڵی دوو هەزارو شانزەی خزماتگوزاریدا قایمقامیەتی شار لە سلێمانی لیژنەیەکیان پێکهێنا بۆ گۆڕینی زەنگی ئاگادارکردنەوەی غاز فرۆشەکان لە دەنگی لێدانی بتڵە غازەکانەوە بۆ سرودی خوایە وەتەن ئاواکەی.

٣- لە چوارشەممەیەکی وەک دووشەممەی رابردوداو لە ڕێکەوتی شەشی یانزەی ساڵی چاکی مەکەن با خراپ نەبێدا، تیمێک لە وەزارەتی تەندروستیەوە تەشریفیان هێنا بۆ قەترە لەدەم کردنی منداڵان دژی نەخۆشیە جۆراو جۆرەکان، شا یەنی باسە منداڵانی گەڕەکی ئێمە دوای قەترەکە لەسەر ساغی توشی بەلەفیرە بوون..




## تیاترۆ

عوسە سویچ

کوڕ/ باوکە گیان ئیشم دۆزییەوە
باوک/ مۆفەق بیت، کۆمپانیایە؟
کوڕ/ ناوەڵا ئەنوسم!
باوک/ چی ئەنوسی؟ ڕۆڵە ئەی بۆ ناخوێنی!؟
کوڕ/ خوێندن سودی نیە، باوکە گیان ئەنووسم!
باوک/ ئاخر ڕۆڵە تۆ ئەلف بەتێڵا ئەخوێنیتەوە، چی ئەزانی بنوسی؟
کوڕ/ باوکە لەسەر مەسئولەکان ئەنوسم، لۆرت دەبم!
باوک/ ڕۆڵە دانیشەوە تۆ کێت پێ دەڵێن؟
کوڕ/ زمان درێژ.
باوک/ زمانت قارس ئەکەن!
کوڕ/ ئەی بەچی پارە پەیداکەم؟
باوک/ جا بە زمان درێژی و تانەوتەشەر؟
کوڕ/ بازاڕ پڕە لەو هەواڵانە، منیش وا ئەکەم.
باوک/ ئەی ئەگەر ئەوان دارێکیان کرد بە هینی خۆیاندا؟
کوڕ/ ئەوە موهیم نیە.
باوک/ ئەی چی موهیمە؟
کوڕ/ ناوبانگ و پارە!

